www.hetaw.net

هەموو چوارشەممەیەک ئاڵای ئازادی

ژمارە (٧٨٢) چوار شەممە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ی زایینی

## فەرامۆشکردن

لەم چەند رۆژانەی دواییدا چەند رێککەوتنێکی ستراتیژی گرنگو چارەنووسساز سەبارەت بەئایندەی کوردو ناوچەکە لەنێوان هەرێمو وڵاتانی تر ئیمزا کراوە یان قسەو باسی زۆری لەسەر کراوە، سەرۆکەکان لەکۆنگرە رۆژنامەییەکاندا تەنها سەرەدێری چەند هەواڵێک رادەگەیەنن.. هێشتا روون نییە ئاخۆ ئایندەی کورد لەسێبەری ئەو هەموو هاتوچۆو بینەو بەرەی سەرۆکەکان بەچ ئاقارێک گوزەر دەکا، ئەوە گوتمان کەرکوک هیچ، چونکە پێناچێ وا بەئاسانی ئەو کێشەیە دوای ئەو هەموو کۆبوونەوەو شاردنەوەی راستیانەو خۆدزینەوانە لەکۆمەڵێ واقیعی شارەکە، چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام ئایندەی ناوچە دابڕاوەکان دەگاتە کوێ..؟! رۆڵی کورد لەبەغداو پەیوەندی لەگەڵ عەرەبی سەردەستە ئەمجارە چۆن دەبێ..؟!

هەموو ئەو لێدوانو قسەو باسانەی لەمیدیاکان دەکرێ، رەنگ بێ لایەنی کەمی ئەو رووداوانە بن کەلەبەغداو هەولێر روودەدەنو کۆبوونەوەیان لەسەر دەکرێ، هێشتا خەڵک بەتەواوی ئاگای لەئایندی خۆی نییە، بەکوردیەکەی دۆزەکەیان لێ ئاڵۆزکردووەو هیچیشی پێ ناڵێن.. میللەت هەر چاو دەبڕێتە شاشەو رووپەری رۆژنامەکانو هەر سەردێری هەواڵەکان دەبینێ، ئاماژەکانی ئەو دیوی لێ دیار نییە..

راستییەکان لەبەر چاوی جەماوەر بەتەواوی شێواون، لەکاتێکدا خۆیان خاوەنی قەزیەکەن، ئەمە کاری سەرکردەکانی ئێمەیە کەهەمیشە دوای تێپەڕبوونی رووداوەکان ئینجا سەرەداوی چەند مەسەلەیەک دەدرکێنن، ئەی کەوابێ کوانێ رای جەماوەر..!

لەم رۆژانە دەنگو باسی لابردنی سفرەکانی پارە هەیە، کەئەمەیان پەیوەندی بەگیرفانی هەموو تاکێکی کۆمەڵ هەیە، گەورەو شارەزایەک نەهات باسێکمان بۆ شیبکاتەوەو بزانین ئاخۆ بەلابردنی ئەو سفرانە خەڵکی زەرەر دەکەن یان قازانج..! بازاڕ چی بەسەر دێ..! خەڵکی بەگومانن لەوەی وەکو (٢٥)دیناریە سویسریەکەی ئەوسا تووشی زەرەرێکی زۆربن.. لەمەشیان میللەت هەقی خۆیەتی گلەیی بکاو بڵێ ئەرێ کاکە دە شەکرێک بشکێنن با ئەمجارەش تووشی زەرەرو شۆک نەبین..!

ئەمساڵ بەشێکی زۆری دەرچووانی پۆلی شەش کە پلەیەکی مامناوەندیان هێناوە، تا خوارتر لەهیچ شوێنێک وەرناگیرێن، ئەرێ ئەو شەپۆلی بێکارییەی سبەی لەنێو ئەو گەنجانە دێنە سەر شەقامو ناو بازاڕ چۆن چارە دەکرێ، ئەرێ حکومەت بیر لەوە ناکاتەوە کەئەم کێشەیە دروست دەکەن ئێ خۆ سبەی چارەسەریشی دەوێ.!؟

جگە لەخەڵک، لەم سێ فەرامۆشکردنەدا دەسەڵات خۆی دوو جار زەرەر دەکا، یەکەمیان قورساییەک دەخاتە ئەستۆی خۆی، کەسبەی رەنگە میدیا وازی لێنەهێنێ، دووەمیشیان هێندەی تر میسداقیەتی خۆی لەنێو خەڵکو کۆمەڵدا لاوازتر دەبێ، لەکاتێکدا کەدەسەڵات دەبێ، جارێ هەوڵی پڕ کردنەوەی ئەو هەموو بۆشاییانە بدا کەچەندین ساڵە بەهەر بیانوویەک بێ، لەخستوویەتیە نێوان خۆیو میللەت..!

ئیدریس شەیداهۆ

## (٤٥٠) پیاو، ژنی دووەمیان هێناوە

لە کۆبونەوەی کەمپینی دژی یاسای باری کەسێتیو فرەژنی کە چەند رۆژێکە لەسلێمانی بەڕێوەدەچێت، ئەوە خرایەڕوو کە پێویستە رۆڵی راگەیاندنی دەزگا ناوخۆییو سایتەکان بە گرنگیەوە باس لە دیاردەی فرەژنی بکەن. بەڕای زۆربەی ئەندامان سایتەکان لە وڵاتانی دەرەوە باشترو چاکتر دەخوێنرێتەوەو بواری وروژاندنی زیاتر دەبێ. **زانیاری زیاتر لەلاپەڕە ٦دا دەخوێنیتەوە**



## بیرەوەرییەکی جۆن سمپسن دەربارەی دەستگیرکردنی سەدام



ئەمریکییەکان لەپێناو دەستگیرکردنی سەدام، جۆرەها تاکتیکو پرستیژی خۆیان بەکارهێنا لەسەر رێوشوێن رۆیشتنی کۆن بەردەوامبوون بۆ دۆزینەوەی ئەوکەسانەی شارەزاو بەئاگابوون لەشوێنی سەدام. سەرەنجام لەرێگەی کاری پۆلیسەوە توانییان محەمەد ئەلمسەلیت بدۆزنەوەو دەستگیری بکەن. **زانیاری زیاتر لەلاپەڕە ٥دا دەخوێنیتەوە**

# کەژاڵ ئادەمی: دژی ئەوەم لەبوارە هونەریەکاندا تاکە کەس بڕیاردەر بێت

ئاڵای ئازادی

ژنە هونەرمەندی کورد (کەژاڵ ئادەمی)خاتونێکی دەنگخۆش و هونەرمەندێکی ئەکادیمیە، لەدایکبووی شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستانە و لەساڵی ١٩٩٨وە چووەتە تاراوگە و لە وڵاتی سوید جێگربوون.

لەبواری خوێندندا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم کۆمەڵناسیم خوێندووە و ئێستاش هەر لەم زانکۆیەدا سەرقاڵی خوێندنی (مێژووی مۆسیقا)م پەیوەندی مۆسیقا لەگەڵ سیاسەت و کاریگەری ئەم دووانە لەسەر یەک.

ئاڵای ئازادی بە (دوو پرسیار) ئەم خانمە گۆرانیبێژەی بەسەرکردەوە.

***پەرشوبڵاویی و بێ بەرنامەییەکی زۆر بەدیدەکرێت چ لەسەر ئاستی گرنگیی میدیا و راگەیاندنی کوردی بە بەرهەمی چەند گۆرانیبێژێک کە بەڕای زۆرێک (هونەرمەند نیین) و بڵاوبوونەوەی بەلێشاوی بەرهەمی گۆرانی و میوزیکیی کە بەهەمان شێوە و جۆر زۆریان لەخانەی هونەر دانانرێن، کێ لەم پەرشوبڵاوییە بەرپرسیارە، وەزارەتی رۆشنبیری یاخود چێژی بینەری کوردیی؟**

. ناتوانم بڵێم خەتای بینەری کوردە ئەگەرچی بینەر بە رەخنەگرتن لە میدیاکان دەتوانێ رۆڵێکی گرنگی لە داهێنانی گۆڕانکاری میدیادا هەبێت. ئێمە هەرگیز نابێ گرنگی میدیاو دەزگاکانی راگەیاندن لەبیر بکەین. ئەوان کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقا دەخەنە مێشک و گوێی بینەر. ئەوان کە هونەرمەند دەکەن بەئەستێرەو دەبەنە ئاسمان و گەر مەیلیشیان لێبێ دەیکوتن بەعەرزدا. کەواتە ئەرکێکی مەزن لەسەر شانی میدیاکانە بۆ ناساندنی هونەرو هونەرمەندی راستەقینە.

وەزارەتی رۆشنبیریش وەک هێزێکی حکومەتی، دەسەڵاتێکی مەزنی لەسەر هونەرو ئەدەب و مۆسیقای نەتەوەکەماندا هەیە. گەر ئەوان پشتیوانی هونەرمەندی راستەقینە بکەن ئەوکاتە هونەری راستەقینەش دەخولقێ و گەشە دەکات. هیوادارم هەموو کاربەدەستانی بەشی هونەری میدیاو گۆڤارو رادیۆو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و هەروەها وەزارەتی رۆشنبیری کەسانێک بن کە زانیاریان لەبواری هونەریدا ببێت. من دژی ئەوەم لەبوارە هونەریەکاندا تاکە کەس بڕیاردەر بێت. دەبێ بڕیارەکان لەلایەن لیژنەیەکی زانیارو شارەزاو بێ لایەنەوە بدرێن.

ئێمە هەموومان ئەرکمان لەسەر شانەو نابێ بهێڵین شەرمەزارو شۆڕەملی مێژوو داهاتووی هونەری نەتەوەکەمان بین.

***جۆرێک لە گۆرانیی و میوزیکی کوردی پەیدابووە کە هەست بەوە دەکەیت راستەوخۆ یان لەژێر کاریگەریی میوزیکیی عەرەبیدایە یان لەژێر کاریگەریی میوزیکیی تورک و فارسە، بەکورتییەکەی تاموچێژی کوردەواریان تێدا نییە، تاچەند ئەمجۆرە کار و کردەوەیە حاڵەتێکی تەندروست و ئاساییە؟**

هەر وەک هەمووماز دەزانین مۆسیقا سنووری نییە. مۆسیقاکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەموو لەیەک بنەماڵەنو تا رادەیەکی زۆر دەزگاو مەقامەکان وەک یەکن. بەڵام ئەوەی کە ئەم مۆسیقایانە جیاواز لەیەک دەکات ئەو شێوەی دەربڕین و تامو چێژە جیاوازەیە کە لەمۆسیقای ئەم نەتەوانەدا رەنگ دا نەوەی هەیە. من بڕوام بە ئازادی و نوێکاری لە مۆسیقادا هەیە، بەڵام نەک ئازادی و نوێکاریی کە وێرانکەربێت و مۆسیقای نەتەوەکەمان تووشی سەر لێ شێواوی بکات. هەندێک لەبەرهەمە نوێکانی ئەمڕۆ لە ژێر سێبەری مۆسیقای بێگانەدان. ئەم راستییە نابێ لە بیر بەرینەوە کە مۆسیقای کوردی هەم جوانە هەم دەوڵەمەند. جا هەر بەو بۆنەوە زۆر پیرۆزترە گەر لەباتی تەقلیدو لاسایی کردنەوەی مۆسیقای بێگانە، تێ بکۆشین کات و هێزی خۆمان تەرخانی بەرەو پێشبردنی مۆسیقای نەتەوەی خۆمان بکەین و بەو ئاستەی بگەیەنین کە فارس تورک و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە لە مۆسیقای ئێمە کەڵک وەربگرن.



## دیاری قەرەداغی لە کۆپنهاگن





رۆژی ١٥ی ئەم مانگەو لەهۆڵی (ڤیفتن) کە یەکێکە لە هۆڵە دیارەکانی دانیمارک هونەرمەندو گۆرانیبێژ (دیاری قەداغی) کۆنسێرتێکی هونەری ساز دەکات.

## لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی خەو

سەنتەری پزیشکی نەخۆشییەکان لە پراگ لە چیک لە لێکۆڵینەوەیەکدا هەندێک شتیان دەربارەی خەو خستۆتە روو، کە تێیدا بەشێکی راستکردنەوەی هەڵەکانە، مەبەست ئەو هەڵە تێگەیشتنانەیە دەربارەی خەو کە خەڵک هەیانە، لەوبارەیەوە راپۆرتی ئەو سەنتەرە هێمایان بۆ ئەوە کردووە کە وا باوە لەنێو خەڵکیدا کە بەتەمەنەکان کەمتر دەخەون، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە مرۆڤەکان بەپێی پێویستییەکانی جەستەیان پێویستیان بەخەوە. هەروەها وا باوە لەناو خەڵکیدا کە ئەوانەی تێر خەو نابن هەڵبدەن بخەونەوە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە کۆتای بە خەو هات هەوڵ نەدرێتەوە بۆ خەو لەو کاتەدا. هەروەها لێکۆڵنەوەکە هێما بۆ ئەوە دەکات کە خۆشتن پێش خەو لە کارە زۆر باشەکانە، هەروەها خواردنەوەی کوپێک ئاو یا قاوە دەبێتە یارمەتیدەرێکی زۆر باشی مرۆڤ بۆ ئەوەی خەوێکی ئارامی هەبێت .

## دوو لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی شێرپەنجە

*بەپێی راپۆرتی ئیفلیکسمیدیا کە پەیمانگایەکی تایبەتمەندە لە بواری دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکاندا هاتووە کە لەنێوان دە کەسدا نۆ کەسیان ئاگاداری ئەوەنین کە خواردنەوەی مەی دەبێتە مایەی دروستبوونی شێرەپەنجەی مەمک کە نەخۆشییەکی باو و بڵاوە لەنێو ئافرەتاندا، ئەمە لەکاتێکدایە کە تەنیا لەنێو وڵاتە یەکگرتووەکاندا چوار ملیۆن ئافرەت هەیە کە زیادە رۆی دەکەن لە خواردنەوەی مەی.

*زانا بریتانییەکان لەم چەند رۆژەدا ئەوەیان راگەیاند کە توانیویانە پەرە بە تەماتەیەکی کێڵگەی چاندنی تۆوی تەماتە بدەن کە رەنگی مۆری هەیە و دەتوانێت دژی شێرەپەنجە بووەستێتەوەو ئەم تاقیکردنەوەیەشیان لەسەر چەند مشکێک ئەنجامداوە. لەو بارەیەوە کاتی مارتن و هاوڕێکانی لە پەیمانگای "جۆن ئینیس" ئەوەیان راگەیاند کە ئەنجامەکان زۆرباشتر لەوە کەوتوونەوە کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد. لەو پرۆسەیەدا ئەم گروپە تەرکیزیان کردۆتە سەر ماددەی ئەنسۆسیانین کە لەو جۆرە تەماتانەدا هەیە و توانای بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی شێرەپەنجەی هەیە.

## بڵاوکراوەی نوێ

